# هەرگیز پێغەمبەرم نەبینووە -صلى الله عليه وسلم- بە (کەسێک بڵێت: دایک وباوکم) بە فیدات بێت لە پاش سەعد، گوێم لێبوو دەیفەرموو: بیهاوێژە، بە فیدات بێت باوک ودایکم

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هەرگیز پێغەمبەرم نەبینووە -صلى الله عليه وسلم- بە (کەسێک بڵێت: دایک وباوکم) بە فیدات بێت لە پاش سەعد، گوێم لێبوو دەیفەرموو: «بیهاوێژە، بە فیدات بێت باوک ودایکم».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە هەرگیز پێغەمبەری نەبینووە -صلى الله عليه وسلم- بە کەسێک بڵێت: دایک وباوکم بە فیدات بێت لە پاش سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس -ڕەزای خوای لێبێت-، گوێی لە پێغەمبەر بووە -صلى الله عليه وسلم- کە لە جەنگی ئوحود دا پێی دەفەرموو: تیر بهاوێژە کافرەکان، باوک ودایکم بە فیدات بن، واتا: پێشکەشیان دەکەم بۆئەوەی لە جیاتی تۆ بمرن، هەروەها لە گێڕانەوەی تری سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەمان شتی ووت بە زوبەیر لە جەنگی خەندەق -ئەحزابدا-، وتێگەیشتن لەم دوو فەرموودەیە بەم شێوەیە دەبێت: لەوەیە عەلی فەرموودەی دووەمی نەبیستبێت، یان مەبەستی عەلی تەنها لە جەنگی ئوحود دا ئەمەی فەرمووە بە یەک کەس.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11195

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee